# منداڵ و فەلسەفە



کەریم مستەفا

وانەی فەلسەفە لە فێرگە و خوێندنگەدا، فەلسەفە بۆ منداڵان، دیالۆگی فەلسەفی لەگەڵ منداڵدا. ئەم بابەتانە چین؟ ئایا ئەم وانە و بابەت و باسانە، بۆ منداڵ پێویست و گرنگن؟ ئایا خوێندکاران و مامۆستایان، هێندە کاتیان هەیە و دەیانپەرژێت وانەکی زیاتر لە وانە و بابەتەکانی خۆیان بخوێنن؟ لە هەموو ئەمانەش گرنگتر، ڕەنگە ئەم دوو پرسیارە بێت..

ئایا سەرباری ئەو هەموو ئاستەنگانەی وان لەسەر ڕێگەی پرۆسەی فێرکاری لە باشووری کوردستاندا (چ ماتریالی، چ مرۆیی)، دەشێ پرۆگرامێکی لەو جۆرە پیادەبکرێت؟

ئایا گەر ئەم پرۆگرامە پیادەکرا، بڵێیت سەرکەوتن بەدەستبهێنێت؟

شێوازی خوێندنی ترادیسۆنی (تەقلیدی) وەک ئەو شێوازەی ئەمڕۆکە لە سیستەمی فێرکاری لە باشووری کوردستاندا پەیڕەودەکرێت، منداڵ/ خوێندکار، بە تەواوی پاسیڤ و سستدەکات و تەنها ڕۆڵی وەرگرێکی بێ پرسیاری بۆ دیاریدەکات. ئەم شێوازە نەک هەر توانای منداڵ/ خوێندکار، بەڵکو توانای داهێنان و گۆڕانکاری لەلای مامۆستاش دەکوژێت. (گەرچی توانایی و بێ توانایی مامۆستا، ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە ئاستی هۆشیاریی کەسەکە خۆی و بەو زانست و زانیارییەوە هەیە، کە لەکاتی خوێندن لە کۆلێژ، یان ئامۆژگای پێگەیاندنی مامۆستایاندا وەریدەگرێت و فێریدەبێت) بۆیە ئەمڕۆکە بەدەگمەن نەبێت، مامۆستایەک نابینیت نەک داهێنانێکی نوێ، یان پەیداکردنی شێواز و ڕێبازێکی نوێی لە سیستەم و بواری پەروەردە و فێرکردندا کردبێت، بەڵکو ڕەخنەی سادەشی لە سیستەمەکە هەبێت.

## ئایا فەلسەفە بۆ منداڵان پێویستە؟

منداڵ ئەو مرۆڤەیە کۆمەڵگە یاسا و ڕێساکانی خۆی بەسەردا دەسەپێنێت و لە تەمەنێکدا؛ کە خۆی ناتوانێت بڕیاربدات، دەخرێتە نێو پرۆسەی خوێندن. کەواتە هەڵبژاردنی ئەو پرۆسەیە بە خواستی منداڵ نییە و دیدو بۆچوونی گەورەکان و سیاسەتمەدارانە (کۆمەڵگەیە)، بەسەریدا دەسەپێنرێت.

ئا لێرەوە گرنگی و ئاڵۆزی و هەستیاریی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن، بەدیار دەکەوێت. منداڵان کە توخمی سەرەکیی پرۆسەکەن، خۆیان هیچ ڕۆڵێکیان لە دارشتنی بەرنامەی ئەو پرۆسەیەدا نییە. ئەوە گەورەکانن دەیانەوێت دید، بەها، ڕووداوە مێژووییەکان، ڕەوشت و ڕوانگەی فەلسەفیی خۆیان، فێری نەوەی نوێ بکەن.

لە سیستەمێکی پەروەردەیی و فێرکردنی دیموکراتیانە و بەگوێرەی فەلسەفەی پێداگۆگی مۆدێرن، خاڵی هەرە گرنگ ئەوەیە، کە منداڵ بە

ڕێزگرتنی سنووری جەستە و بیروبۆچوونی کەسانی دیکە ڕابهێنرێت. دەبێت فێربکرێت کە جەستــەی هەرکەســیک، تەنێکی ئازاد و سەربەخۆیە و هیچ کەســێکی دیکە بۆی نییە سنوری ئەو جەستەیە بۆ هیچ مەبەســت و ئارەزوو، یــان بە ناوی دین و بیروباوەڕەوە، ببەزێنێت. دیســان دەبێت فێری ئەوە بکرێت کە هەر کەســێک ئازادە لە دەربڕینی بیروبۆچوونــدا، با ئــەو بیروبۆچوونە بە دڵی ئەو نەبێت و بگرە دژیشی بێت.

ئەمجــۆرە ڕاهێنانــە دانانی بــەردی بناغەی کۆمەڵگــەی دیموکراتــە و هەســتکردنی تاکە بە بوونی خۆی و لەهەمانکاتیشــدا هەســتکردنە بە لێپرسینەوە و بەرپرسیاریەتی.

بە بڕوای ســارتەر مرۆڤی ئازاد و سەربەست، هەمیشە هەستی بەرپرسیاریەتیی لەلا بەرزە.

جا کاتێــک منداڵ خۆی بڕیــاری هەڵبژاردنی لەدەســتدا نییــە، ئــەوە ئەرکی گــەورەکان و دەســەڵاتدارانە، هێندە بە ویژدان و مرۆڤدۆستبن، کــە چەپەر بەدەوری باخی بیرکردنەوەی منداڵاندا بەرزنەکەنــەوە. هێنــدە ئازابــن لەوە نەترســن منداڵەکانیــان بە بیرکردنەوەی ئــازاد و بیروڕای جۆراوجۆر و هەمەڕەنگ، گۆشــبکەن. ئەو ئازادی و ڕێــزە بــە منداڵەکانیان ڕەواببینــن، کە بۆیان هەبێت هێندە چاوگە و ســەرچاوەی فەلسەفی و بیروبۆچوونــی جۆراوجۆریان لەبەردەســتدا بێت، تا بە خواســتی خۆیان و بە ئازادی، تینوویەتیی بیرکردنەوەیــان بشــکێنن و باخی هەســتیان بە جۆگــەی بیروبۆچوونی هەمەجۆر، پــاراو بکەن؛ منداڵانیــش وەک گەورەکان، مافــی خۆیانە بزانن ڕێبازەکانــی خۆشــگوزەرانی کامانــەن و وەڵامی پرسیارە هەمیشــەییەکانیان دەســتبکەوێت؛ کە دەپرسێت:

– چۆن مرۆڤ دەتوانێت مرۆڤێکی باش بێت و خۆش بژی؟

– ڕاستگۆیی چییە و کێ ڕاستگۆیە؟

– ڕەوایەتی و دادپەروەری چین؟

– ئایا بیرکردنەوە چۆن پەیدادەبێت و لەکوێوە دێت؟

– ئەوە چ هێزێکــە وامان لێدەکات چاکە، یان خراپە بکەین؟

– ئــەی خودی چاکە و خراپە چین و لەکوێوە سەرچاوە دەگرن؟

– ئایا هێز و دەسەڵاتێک هەیە، سیستەمی ئەم گەردوونەی ڕێکخستبێت؟

– جوانی، دزێوی، پەسەندی، ژیری چین و کێ بڕیاری ئەم "شتانە" دەدات؟

ئیدی پرسیارگەلی دیکەی لەمجۆرە.

لــە دەروازەی ئــەم پرســیارانەوە دەتوانین منداڵان بە دنیای بەرینی بیرکردنەوەی فەلسەفیانە ئاشــنابکەین، دیدیان فراوانتر، زانیارییان زۆرتر و ئاگامەندییان چالاکتر بکەین.

پرســیارگەلی فەلســەفی موڵکــی تایبەتیی هیــچ کەس نییــە و تەنهــا لە دووتوێــی کتێبە فەلسەفییەکاندا ســەرهەڵنادات و تایبەتیش نییە بە کەســانی ئاکادیمی و شــارەزا لە فەلسەفەدا. پرســیارگەلی فەلســەفی لــە ئەنجامــی ڕامان، بیرکردنەوە و هەڵســوکەوتی ژیانــی ڕۆژانەماندا قوتدەبنــەوە. لەبەر ئەوەی کە بەتەنها تاکە وەڵام و تاکە ڕاڤەیەک، چ بۆ پرســیارگەلی فەلســەفی بەگشتی و چ بۆ ژیان بەتایبەتی نین. دەبێت منداڵان ئازادبن لە بیرکردنەوەدا و هێندەش ســەرچاوە و ڕێبازی فەلسەفیی جۆراوجۆریان لەبەردەستدا بێت، تــا بە ئارەزووی خۆیان وەڵام بۆ ئەو پرســیارانە پەیدابکەن. ئەرکی گەورەکان (مامۆســتا، فێرکار، باوان، دەســەڵاتداران و بەرپرســانی پەروەردە و فێرکردن) تەنها ئەوە بێت، کە سەرچاوەکانیان بۆ دابین بکەن و شێوازی بیرکردنەوەی فەلسەفیانەیان فێربکەن. نەک شــیرینکردن و سەپاندنی جۆرێکی تایبەت لە ڕێبازی فەلسەفی و بیرکردنەوە.

فەلســەفە خۆی لە خۆیدا تەقەللای ئازادانەی بیرە بــۆ پەیداکردنی مانای ڕاســتی. بەواتایەکی دیکــە، هەوڵێکــی نادۆگماییە، بــۆ ڕاڤەی ژیان. جا لەبەر ئەوە، نابێت هیچ پێشــمەرج و ڕێگرێک لەبــەردەم بیرکردنەوەی منداڵــدا دابنرێت. نابێت بــە هیچ بیانوویەکی دینــی و کولتوورییەوە ڕێگا لە بیرکردنــەوەی منداڵ بگیرێت. منداڵ دەبێت وا

ڕابهێنریت، که خۆی بیربکاتەوە، پرسیار بکات و هەر خۆشی وەڵامەکان هەڵسەنگێنێت و بەراوردیان بکات و ئەو وەڵامە هەڵبژێرێت، که لەگەڵ بیر و ئەندێشە و بۆچوونەکانی خۆیدا دەگونجێت. گەورەکان، مامۆستایان و باوان، نابێت بیری منداڵان بە ئاڕاستەی بیروبۆچوونێکی دیاریکراودا ببەن.

له دیالۆگی فەلسەفیدا، گەورەکان دەبێت بێلایەن بن و تەنها ڕۆڵی ڕێکخەری دیالۆگەکان ببینن. خۆیان له دەربڕینی ڕاوبۆچوون و سەرنجی تایبەتی دەربارەی دیالۆگ و گفتوگۆکانی منداڵان بەدوور بگرن. بە کورتی، دەکرێت گرنگیی فەلسەفە (وانەی فەلسەفی) بۆ منداڵان لەم چوار خاڵەدا کۆبکەینەوە.

1.ڕامان (بیرکردنەوە): ڕامان و بیرکردنەوە، کارێکه که هەردەبێت خۆمان بۆ خۆمانی بکەین و کەسی دیکه ناتوانێت ئەو کارەمان بۆ بکات.

2.خۆناسین: ئێمە دەبێت خۆمان و ڕامان و بیر و ئەندێشەکانمان بناسین. بزانین چ شتێکمان لا پەسەندە و چ شتێکمان لا پەسەند نییە. دەبێت دەرک بە شتە چاکەکان و شتە جوانەکان بکەین؛



تا له ژیاندا چێژیان لێ وەربگرین.

3.دیالۆگ: ئێمە دەبێت فێری هونەری دیالۆگکردن ببین؛ هونەری دیالۆگکردنیش بەشێوەیەکی گشتی لەم چوار خاڵە پێکدێت..

ا.گوێگرتن: گوێگرتن بۆخۆی هونەرێکە؛ کاتێک بەتەواوی هۆش و جەستەمانەوە گوێ بۆ کەسی بەرانبەر ڕادێرین، جگە لەوەی ڕێز بۆ ئەو کەسە نیشاندەدەین، تووشی ناحاڵیبوون و بەهەڵە تێگەیشتنیش نابین.

ب.بیرکردنەوە له بابەتە بیستراوەکە: لەگەڵ ئەوەی که بەئاگاییەوە گوێ بۆ باس و گووتەکانی کەسی بەرانبەر ڕادێرین، لەهەمانکاتیشدا دەبێت بیر له گشت لایەنەکانی باسەکە بکەینەوە و هەوڵی تێگەیشتنی بدەین.

ج.وەڵام: گەر هاتوو وەڵامی باس و بابەتێکمان دایەوە، دەبێت وەڵامەکەمان بەتەواوی پەیوەندیی بە بابەتی باسکراوەوە هەبیت؛ باس و بابەتی لاوەکی و جودا نەهێنینە ناو دیالۆگەکەوە.

د.هەڵبژاردنی پەیف: زۆر گرنگە، که پەیف-وشە و دەستەواژەی گونجاو و پرمانا بۆ وەڵامدانەوە هەڵبژێرین. له سنووری باسەکە نەچینە دەرێ و بەها و ڕێزی دیالۆگەکە کەم نەکەینەوە.

4.دیدی ڕەخنەیی: ئێمە دەبێت هەردەم بە دیدێکی ڕەخنەییەوە لەو زانیاری و بۆچوونانەی خۆمان و کەسانی دیکەش بڕوانین و بە دواهەمین و تاکە ڕاستترین زانیاری و بۆچوونیان نەزانین.

## ئامانج لەخوێندنی وانەی فەلسەفە..

فەلسەفەی پێداگۆگی مۆدێرن، بە بۆچوونی (جۆن دێوی- 1859 1952) دەبێت: "منداڵ بە دیدێکی وا ڕابهێنێت؛ که ڕێز له گشت تاکەکانی دیکەی کۆمەڵگەکەی خۆی و گشت کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بگرێت و لەهەمبەر ناخی خۆشیدا کەسێکی فێرخواز و ڕەخنەگربێت و هەردەم بەدوای زانیاری و زانستدا عەڤداڵ بێت. کەسێک بێت هەستی بەرپرسیاریەتیی هەبێت و بتوانێت حەز و تووڕەیی و هەستەکانی خۆی جڵەوبکات".

گەر ئەمە ئامانجی فەلسەفەی پەروەردەکردنی

نوێ بێت، دەبێت ترۆپکی ئەم ئامانجە، گۆشکردنی منداڵ بێت بە دیدگاو تێڕوانینی دیموکراتییانە. باسکردن لە سیستەمی دەوڵەت و حکومەتی دیموکراتی و کۆمەڵگەی سڤیل (مەدەنی)، بەبێ هەبوونی سیستەمێکی پەروەردە و فێرکردنی دیموکراتیانە هەقایەتێکی بێتامە!

دیسان جۆن دێوی لە کتێبی (سیستەمی فێرکاری و دیموکراتی)دا، کە لە ساڵی 1916دا نووسیویەتی، جەخت لەسەر ئەوە دەکات، لەڕێگای سیستەمی فێرکاریی دیموکراتییانەوە گەشە بە دیدی مرۆڤدۆستی و کۆویستی منداڵ بدرێت و هەستی بەرپرسیاریەتی و بەتەنگەوەهاتن و ڕەخنەگریی تێدا بخوڵقێنرێت.

ئیدی ئەم سیستەمە وا لە تاکەکانی کۆمەڵ دەکات، کە هەم خۆیان کەسانی دیموکراتخوازبن و ڕێز لە هەست و بیروڕای کەسانی دیکە بگرن و هەم هەوڵبدەن و کۆشش بکەن، ئەو دید و بەهایانە، لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵ و پێشڤەچوونی زانست و تەکنۆلۆجیادا پەرە پێ بدەن و بیگەێننە نەوەکانی داهاتوو.

ئامانجی خوێندنی فەلسەفە لە فێرگەکانی قۆناغی سەرەتاییدا ئەوەیە، کە مامۆستایان و فێرکاران شێوازێکی وا بگرنە بەر تا منداڵان فێری دیالۆگ و ئاخاوتنی فەلسەفیانە بکەن و ڕایانبهێنن لۆژیکییانە دیالۆگ بکەن و لە بابەتە و کێشەکان بڕوانن و بکۆڵنەوە. نابێت مەبەست لە وانەی فەلسەفە تەنها ئەوە بێت منداڵان بکەن بە ماشێنی زانیاری و بارێک لە فاکت و زانیارییان پێ ڕەوان بکەن. دەبێت ئامانج لە فەلسەفە خوێندن ئەوە بێت، منداڵان فێری تێڕوانینی فەلسەفییانە بکەین و دیدگایان لە ڕوانگە ئاکاری و ڕەوشتی و ژیاناسییەکانەوە فراوان بکەین. فێری ئەوەیان بکەین، کە تەنها تاکە وەڵامێک، وەڵامی گشت پرسیارەکان نییە و تاکە چارەسەرێکیش، ڕێگاچارەی گشت کێشەکان نییە. فێری ئەوەیان بکەین، گەرچی وەڵام و بیروبۆچونێکیش بەدڵی ئەوان نەبێت، بەڵام دەشێ وەک بەرسڤ و ڕێگەچارە بۆ پرس و کێشەیەک قبوڵیان بێت.

ئەو شێوازەی سوکرات پیادەی کردووە (شێوازی دیالێکتێکی) شێوازێکی زۆر لەبارە بۆ وتنەوەی وانەی فەلسەفە بە منداڵان. هونەری ئەم شێوازە ئەوەیە، سوکرات مێشکی کەسی بەرانبەری دەبزواند و ناچاریدەکرد لە هەوڵی دۆزینەوەی لایەنە نادیار و شاردراوەکانی بابەتەکان و پرسیارەکاندا بێت، هەروەها هونەری دیالێکتێک (دیالۆگ) لەوەدایە، کە مامۆستایان هاوکاریی خوێندکاران دەبن بۆ دۆزینەوە و پەیداکردنی وەڵامی پرسیارەکان. ئەو ڕێبازەی؛ کە لە (USA) لە ساڵانی ١٩٧٠دا لەلایەن پرۆفیسۆر (ماتهیۆ لیپمەن- Mathew Lipman) داهێنراوە؛ لەژێر ناوی Philosophy For Children (P4C )دا.

ئەم شێوازەی پرفیسۆر لیپمەن، بە باشترین شێوازی فێرکردنی فەلسەفە بۆ منداڵان لەقەڵەم دەدرێت. بەکورتی ئەم شێوازە هەوڵدەدات حەزو ئارەزووی پرسیارکردن و هونەری دیالۆگ لەلای منداڵان پەرەپێدەدات و لەهەمانکاتیشدا پرسیاری سادە و ئاسایی فەلسەفیانەیان ئاراستە بکات، کە لە تێکستی فەلسەفیی ئاسان، وەک (چیرۆک، گەمەی تایبەت، وێنە، ڕووداوێک) هەڵهێنجرابن. پرۆفیسۆر لیپمەن گەلێ کتێب و ڕێنمایی بۆ مامۆستایان و فێرکاران لەم بوارەدا بە چاپگەیاندووە.

## فەلسەفە و زمان

لەبەر ئەوەی بابەتەکانی فەلسەفە بابەتی زمانەوانین، گفتوگۆکردن و پرسیارکردن لەمەڕ ئەو بابەتانە، دەبنە هۆکارێک بۆ بەهێزکردن_ ڕاهێنانی زمان.

وەک ئاشکرایە بیرکردنەوە پێش زمان دەکەوێت، بەڵام کاتێکیش هەگبەی زمان بەتاڵبێت، دەربڕینی بیرکردنەوەکە لە فۆرمی گوتاردا دەبێتە کارێکی سەخت. جا بۆیە گرنگە لە وانەی فەلسەفەدا هەمیشە مامۆستا_فێرکار، ڕاڤەی هەر چەمک و وشە و دەستەواژەیەک بۆ منداڵان بکەن، کە لەبابەتی وانەکەدا دێت؛ ئەو کارەش کۆمەکی منداڵ دەکات تا بتوانێت مەبەستی خۆی دەربڕێت. دەبێت مامۆستایان بۆ ڕاهێنانی زمان، منداڵان هانبدەن



تا بۆ گشت ڕادەربڕین و وەڵامێکیان، بەڵگە و پاساویان هەبێت، بۆنموونە، مامۆستا هەردەم لە منداڵان بپرسێت:

-کاتێک دەڵێیت، دەبێت ئەم "شتە" وابێت، یان وانەبێت، مەبەستت چییە؟

-چ بەڵگەیەکت هەیە بۆ سەلماندنی بۆچوونەکەت؟

-گەر بەبڕوای تۆ ئەم وەڵامە، یان ئەم بۆچوونە هەڵەبێت، ئایا تۆ دەتوانیت وەڵامێکی ڕاستمان بدەیتەوە؟

یان لەکاتێکدا کە خوێندکاران، وەڵام و بۆچوونی یەکێ لە هاوپۆلەکانیان بەدڵ نەبێت و دژی بوەستنەوە، مامۆستا هەوڵی ئەوە بدات تا منداڵان فێری سنگفراوانی و دیموکراتخوازی بکات و پێیان بڵێت:

-ئایا ناکرێت ئەم بۆچوونە، یان ئەم وەڵامە وەک، (ئەگەرێک) وەڵامێکی ئەگەری وەربگرین؟

ئەم کارەش نەک هەر زمانی منداڵ پاراودەکات، بەڵکو ئاسۆی بیرکردنەوەشی فراوان دەکات.

پاشخانی هۆشیاری و زانیاری و نەفەسدرێژیی مامۆستا و فێرکار بۆ تێرکردنی ویستی پرسیارکردنی منداڵان زۆر گرنگە. مامۆستا دەتوانێت هەرچی خۆی دەیزانێت بیگەێنێتە منداڵ، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا منداڵ_ خوێندکار چی لە زانیارییەک بکات، کە نەتوانیت لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا بەکاریبهێنێت و بۆ پتەوکردنی پەیوەندییە مرۆییەکان کەڵکی لێوەربگرێت؟

یەنس ڕاسموسن (دانیمارکی) بڕوای وایە، کە وانەی فەلسەفە و دیالۆگی فەلسەفی، توانای (بڕوا بەخۆبوون)ی منداڵ بەهێزدەکات و لەهەمانکاتیشدا

توانای ڕووکراوەیـــی (Communicative) زۆر دەبێت. ئـــەم ڕووکراوەییە مەرجێکی هەرەگرنگ و سەرەکیی کۆمەڵگەی مۆدێرن و سڤیل و دیموکراتە. هەروەهـــا بەپێی بۆچوونـــی ماتهێو لیپمەن، ڕۆڵی مامۆســـتا لـــەم پرۆگرامەدا سەرپەرشـــتیکردن و بەڕێوەبردنی دیالۆگە فەلســـەفییەکانی ناو پۆل و نێوان منداڵانـــە و دەبێت تەواو (نێوتراڵ) بێلایەن بێت و خۆی نەکات بە لایەنێکی دیالۆگەکە.

بەگوێرەی بۆچوونی پێر یەسپەرسن (دانیمارکی) فەلســـەفەکار و تایبەتکار لە بواری فەلســـەفە بۆ منداڵانـــدا، ســـازکردن و بەڕێوەبردنی دیالۆگ، کە لەســـەر بنەمای بەڵگە و ســـەلماندن بنیاتنرابێت، کاری ســـەرەکیی مامۆســـتایە لە وانەی فەلسەفە بـــۆ منداڵاندا. مامۆســـتا دەبێـــت جیاوازیی نێوان (گفتوگۆ) و (دیالۆگی فەلسەفی) بکات. دیالۆگی فەلســـەفیی ئازاد و دوور لە زەبر لەگەڵ منداڵاندا ســـاز بکات (مەبەست لەو زەبر و دەسەڵاتەیە، کە پرۆسەی فێرکاری داویەتی بە مامۆستا).

ئان مەرییا هارتمانس (ئەمریکایی) ســـاڵانێکی زۆر لە ئەمریکای لاتین و ناوەڕاســـت وەک (نونە) (ڕاهیبەی کاتۆلیکـــی) کاریکردووە و خوێندنگەی پاشـــکۆی کڵێسای لە گواتیمالا بەڕێوەبردووە. لەو بڕوایەدایە، کە لە ڕێگەی پرۆگرامی فەلســـەفە بۆ منداڵان مامۆســـتا دەتوانێت ڕێنمایی منداڵان بکات تا سەربەخۆ و ئازاد بیربکەنەوە، بەڵام بڕوای وایە ئـــەم پرۆگرامە دوو جەمســـەری هەیە، واتە، هەم چەلنجـــە (تەحەدایە) و هەم "مەترســـیدارە" بۆ مامۆستا.

چەلەنجە، چونکە مامۆســـتا لـــە میانەی ئەم پرۆگرامەوە شتێکی نوێ فێری خوێندکاران دەکات و خۆشی شتی نوێ فێردەبێت.

مەترســـیدارە، چونکە زۆرینەی مامۆســـتایان (مەبەســـتی لـــە مامۆســـتایانی گواتیمالایـــە) لە منداڵیـــدا دەرفەتـــی ئەوەیان بۆ نەلـــواوە (وەک زۆرینەی مامۆستایانی کوردستان)، کە بە ڕاشکاوی ڕاو بۆچوونەکانیـــان لەبەرانبەر مامۆســـتاکانیان و گەورەکانـــدا دەربڕن. ڕەنگە لـــەو بڕوایەدابن، گەر دەرفەتێکی وا بـــدەن بـــە خوێندکارەکانیان، ئەوا ئەو دەســـەڵات و زەبرەی کە سیســـتەمی فێرکاری و کۆمەڵگە پێیـــداون نەمێنێـــت و کۆنترۆڵی پۆل لەدەستبدەن. دیسان دەشێ لەوە بترسن کە ڕەنگە نەتوانن وەڵامی پرســـیارەکانی منـــداڵان بدەنەوە؛ بەڵام دەبێت مامۆستا تەوقی ئەم ترسە بشکێنێت، چونکە ئەم ترســـە ڕێگری پێشڤەچوونی منداڵان و مامۆستایانیشە.

دوای نیشـــاندانی سەرنج و بۆچوونی ئەو کەسە شارەزایانە، هەوڵدەدەم بە کورتی ڕۆڵی مامۆستا لە پرۆگرامی فەلســـەفە بۆ منداڵان، لەم چەند خاڵەدا کۆبکەمەوە:

1. زانیاری لەمەڕ بابەتی بیرکردنەوە و ڕامان بدە بە منداڵان و ڕاڤەی چەمک و دەســـتەواژەکانیان بە شێوەیەکی ئاسان و سادە بۆ بکە.
2. ڕایانبهێنن تا بتوانـــن، چ بە زارەکی و چ بە نووسین سەرنج و بیربۆچوونەکانیان دەربڕن.
3. فێریان بکە تا بە قوڵی بیربکەنەوە، (ئازادانە و بۆ خۆیان بیربکەنەوە) و ڕامانیان هەبێت و سادە و ساکار لە پرس و بابەتەکانی ژیانی ڕۆژانە نەڕوانن (پاسیڤ نەبن).
4. فێریان بکە، کە فەلسەفە، دین یان بڕوا نییە، بەڵکو دید و بۆچوونە. دەشێ کاتێک کە دین، یان بڕوا، (لەبەر هەر هۆیەک بێت!) پانتاییەکانی بیرکردنەوە و ڕامان ســـنوردار و بەرتەســـکدەکەن، فەلسەفە و بیرکردنەوەی فەلسەفی ببێتە (پەناگایەکی ئارام).
5. ڕایانبهێنە تا قوڵتر بـــە ناخی خۆیاندا بچن و باشـــتر لە خودی خۆیان تێبگەن، ئەوکاتەی کە مرۆڤ لە خۆی تێبگات و خۆی بناسێت دەتوانێت لە کەسانی دیکەش تێبکات و قبوڵیان بکات.

## گرنگیی فەلسەفە لەم سەردەمەدا

هیـــچ کاتێـــک هێندەی ئێســـتا فەلســـەفە و بیرکردنەوەی فەلســـەفیانە بۆ منداڵانی باشـــووری کوردستان پێویست و گرنگ نەبووە.

گەرچی خۆشبەختانە تاڕادەیەکی باش ئارامی لەو ناوچانەی وان لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی کوردستاندا بەرقەرارە، بەڵام کوردســـتان بە گشتی و باشووری کوردســـتان بەتایبەتـــی، کەوتۆتە چەقـــی بازنەی

نائارامیی جیهانەوە. وڵاتانی دراوسێی کوردستان (ئێران، عێراق، تورکیا و سوریا) نائارامترین وڵاتانی جیهانن. وڵاتانی بازنەی دووەمیش، واتە وڵاتانی دراوسێی ئەو وڵاتانەش (ئەفغانستان، پاکستان، ئەرمینیا، ئازەربایجان، لوبنان، ئەردەن، ئیسرایل- فەلەستین، و تەنانەت سعودیە و کوەیتیش) نائارامن. جا کاتێک ئەم بارودۆخە نائارامە؛ قەیرانە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکانیشی دێتە سەر (قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان وەک، نەخوێندەواری، نزمیی ئاستی هۆشیاری، پەیوەندیی خێڵەکی و گەندەڵی. قەیرانە ئابوورییەکان وەک، هەژاری، ئابوورییەکی بێ بەرهەم و بێ پلان و بەکاربەر، نەبوون، یان کەمی و خراپیی خزمەتگوزای و شارستانی) ئیدی بەجارێک بڕستی بیرکردنەوەی لە مرۆڤ دەبڕن.

لە بارودۆخی نائارام و پڕ قەیراندا، خۆویستی- خۆپەرستی (ئیگۆسەنتەری)، جێگەی کۆویستی (کۆلێکتیڤی) و مرۆڤدۆستی دەگرێتەوە. لای زۆرینەی خەڵک بەهاکان (بەها مرۆیی و ئاکارییەکان) کێش و سەنگی خۆیان لەدەستدەدەن و هەندێ بەهای سادە و سەرپێی و کاتی جێگەیان دەگرێتەوە. حەزی تێرکردنی ویستە غەریزەییەکان و بیر و ئایدیۆلۆجیای توندڕەو، پەرەدەستێنێ و جڵەوکردنی توڕەیی- هەڵەشەیی Anger Management)) لەدەستدەچێت.

سەرەڕای ئەم دیاردە و قەیرانە مۆراڵییانە (تەلەفزیۆن، فلیم، یاریی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێتیش)، هێندەی دیکە قەیرانەکان سەختتر و ئاڵۆزتر دەکەن. زۆربەی کاتەکان (ئەم شتانە)، دنیایەکی دوور لە ڕاستی و واقیع و داماڵڕاو لە گشت بەها مرۆییەکان دەخەنەڕوو، کە بۆ زۆربەی منداڵان زەحمەتە، ئەو دنیا قەڵب و ساختەیە، لە دنیا واقیع و ڕاستەقینەکە جیابکەنەوە.

لە بەتاڵییەکی فکری و مۆراڵی ئاوادا، ڕاهێنان و فێرکردنی منداڵان، کە بە شێوازێکی فەلسەفییانە بیربکەنەوە و لۆژیکانە لە ڕووداو و پێشهاتەکان بڕوانن و لەڕێگەی پەیڤ و دیالۆگەوە کێشەکان چارەسەر بکەن. تەنها بە خوێندنی وانەی فەلسەفی لە پۆلەکانی خوێندنی قۆناغی سەرەتاییەوە دەبێت.

پرۆگرامی فەلسەفە بۆ منداڵان (P4C) لایەنی کەم لەم خاڵە گرنگانەدا کۆمەک بە منداڵان دەکات:

1. حەزلێبوون: منداڵان کاتێک لەگەڵ پرۆگرامی P4C دا خەریکدەبن، ئەم حەزانەیان دەبزوێت.. (حەزی ئەندێشەکردن؛ حەزی خۆناسین؛ حەزی گفتوگۆکردن و ڕامان و لێکۆڵینەوە و ڕەخنەییان) دەبزوێت و زیاددەکات.

2. دیدی ڕەخنەیی: لەڕێگای پرۆگرامی P4Cیەوە، دیدی ڕەخنەیی منداڵ پەرەدەستێنێت و زیاددەکات.

3. هەستیاری: پرۆگرامی P4C هەر بەتەنها دیدی ڕەخنەیی لەلای منداڵان دروستناکات، بەڵکو ئاست و ڕادەی هەستیاریشیان بەرزدەکاتەوە.

4. بەها: لەرێگای ئەم پرۆگرامەوە، منداڵان پەی بە بەهاکان دەبەن و درکیان دەکەن، چونکێ فراوانتر بیردەکەنەوە، دەرککردن و هەڵسەنگاندنی بەهاکان و ئەو کێشە و پرسانەی سەرقاڵیان دەکات، ڕەهەندی فراوانتر وەردەگرێت.

5. ئەفراندن: فرەڕەهەندیی بیرکردنەوە و بەرینیی ئەندێشە، کاتێک تێکەڵ بە چیرۆکی فەلسەفیئامێز دەکرێت، ئیدی توانای ئەفراندنی منداڵ زیاددەکات.

6. جڤاتی: دیالۆگی فەلسەفیانە، کردەی لێکحاڵیبوونە. دەرفەتی ئەوە بە منداڵ و تاکەکانی کۆمەڵگە دەدات، تا باشتر لێکحاڵیبن. بەواتایەکی دیکە، دیالۆگی فەلسەفی، جڤاتی ڕامانی سازدەکات. گەر گشت کۆمەڵگەکان جڤاتی ڕامانی بن، ئیدی یەکدی قبوڵکردن و لێکحاڵیبوون لە جیهاندا ئاسنتر و مامەڵەکردنیش ڕەوایانەتر دەبێت.

ئایا دەکرێت پرۆگرامی P4C لە باشووری کوردستاندا پیادەبکرێت؟

ئاستەنگگەلێکی زۆر وان لەبەردەم پرۆسەی فێرکردندا (لە باشووری کوردستاندا) وەلێ لەگەڵ گشت ئەو ئاستەنگانەشدا هێشتا دەتوانرێت پرۆگرامی فەلسەفە بۆ منداڵان، پیادەبکرێت.

لەبەر ئەم هۆیانە..

1. بودجە و خەرجی:

ئەم پرۆگرامە هێندە بودجەی ناوێت و هەرزانە. سەرەتای کارەکە بە چەند هەزار دۆلارێک دەکەوێتە

گەڕ. ناردنی چەند کەسێک بۆ بەشداربوون لە کۆرسەکانی (مەڵبەندی جیهانی بۆ مەشقکردن لە پرۆگرامی P4Cدا) لە مێندهام، لە ویلایەتی نیوجێرسی لە ئەمەریکا. ئەم کەسانە، دەبێت زمانی ئینگلیزی بزانن و فەلسەفەیان خوێندبێت، دوای بەشداربوون لەم کۆرسانەدا، دێنەوە بۆ وڵات و دەبن بە ڕاهێنەر لەم بوارەدا.

2.توانای مرۆیی:

لەلایەنی مرۆییشەوە، توانایی زۆری ناوێت. هەر مامۆستایەک لەخۆی ڕاببینێت، کە هەنگاوێکی نوێ لەبواری فێرکردندا هەڵبهێنێتەوە، یان ویستی چەلەنج (تەحەدی)ی تێدابێت و مەشقی لەلای ئەو ڕاهێنەرانە کردبێت، دەتوانێت وانەی فەلسەفە بڵێتەوە و ئەم پرۆگرامە پیادەبکات.

3.سەرچاوە و کەرەسە و ماتریاڵ:

لەڕووی سەرچاوە و کەرەسە و ماتریاڵیشەوە، کار و ئەرکێکی زۆری ناوێت. سەرەتا دەتوانرێت بە چەند چیرۆکێک، کە مەبەست و مەغزای فەلسەفیان تێدابێت و ببنە مایەی پرسیار و ڕامان لەلای منداڵان، دەستپێبکرێت و لە داهاتوودا چیرۆک و بەسەرهات و بابەتی جۆراوجۆر، بۆ ئەو مەبەستە وەربگێڕدرێت و بنووسرێت.

4.ئاواکردنەوەی سەنتەر، یان بەڕێوەبەرایەتییەک، بە هاوکاریی نێوان زانکۆکانی باشووری کوردستان و وەزارەتی پەروەردە و لەلایەن فەلسەفەکاران و پێداگۆگی بە تواناوە بەڕێوەببرێت. سەرپەرشتیی پرۆگرامەکە و ئەو بابەت و تێکستانەی، کە بەتایبەت بۆ ئەم بەرنامەیە دەنووسرێت، لە وڵاتدا بکات و پەیوەندیش لەگەڵ Chidren Institute for the Advancement of Philosophy forدا بکەن و کەسانی شارەزا لەم بوارەدا بۆ سازکردنی کۆرس و سیمینار و ڕاهێنانی مامۆستایان، بانگهێشت بکەن.

ئایا ئەم پرۆگرامە سەرکەوتن بەدەستدەهێنێت؟

لە هەر وڵات و شوێنێک پیادەکرابێت، سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، بۆ نموونە لە گواتیمالا، بەرازیل، دانیمارک، سوید، کەنەدا، نیوزلاند، نەرویج. لە کوردستانیش، گەر پرۆگرامەکە پیادە بکرێت و بخرێتە بواری کارپێکردنەوە، کاریگەریی باشی دەبێت و هەنگاوێکی پۆزەتیف دەبێت بۆ گۆڕانکاری لە پرۆسەی فێرکاریدا.

## هەندێ تێبینی

1.لە نەرویج، خۆم لەنزیکەوە ئاگادارم و پەیوەندیم لەگەڵ خوێندنگەی (ئۆرانیەن بۆرگ)دا لە ئۆسلۆ هەیە، کە یەکێکە لەو خوێندنگەیانەی زۆر بە سەرکەوتوویی ئەم پرۆژەیە پەیڕەو دەکەن. ئەو ڕاپۆرت و گوتوبێژانەش، کە دەربارەی ئەم پرۆژەیە دەکرێن، گشتیان بە پۆزەتیڤی دادەنێن.

چەند جارێک چوومەتە وانەی فەلسەفە و لەگەڵ خوێندکارانی پۆلی هەشت- پۆلی دووی ناوەندی بەشداریی وانەکەم کردووە. (چوار وانە / 4 سەعات لە پۆلدا ئامادەبووم) و شێوازی گووتنەوەی وانەکە و سازدانی دیالۆگ و پرسیارکردنی مامۆستای ئەو وانەیەم دیتووە، جگە لەوەش دووجار، هەرجارەی نزیکەی سەعاتێک، لەگەڵ هەمان مامۆستادا دەربارەی چۆنیەتیی پیادەکردن و گرنگیی ئەم پرۆژەیە باسمان کردووە و گەلێک تێبینیی بەکەڵکی داومەتێ.

ئەم وانانە و گفتوگۆ لەگەڵ مامۆستای تایبەتکار لەو پرۆژەیەدا و کۆکردنەوەی زیاتر لە هەزار لاپەڕە، بابەتی جۆراوجۆر دەربارەی ئەم پرۆگرام و شێوازە لە سایتەکانی ئینتەرنێتەوە لەسەر هەمان پرۆگرام بە زمانەکانی ئینگلیزی، دانمارکی و نەرویجی و خەریکبوونم بە وەرگێڕانی (بەرگی 2) لە کتێبەکانی (هەنگاو بەهەنگاو) لە زمانی ئینگلیزییەوە.

لەCFC، Comity For Childre ئەم کتێبانە 7 بەرگن لەلایەن ڕێکخراوی کۆمیتی فۆر چڵدرنی ئەمریکاوە ئامادەکراوە. ئەم پرۆگرامە لە کیشوەری ئاسیادا تەنها لە ژاپۆن هەیە. ڕێکخراوی کۆمەک مافی بەکارهێنانی ئەم پرۆگرامەی لە باشووری کوردستان، وەک (پایلۆت پرۆجێکت) بۆ ماوەی 5 ساڵ، وەرگرتووە. ئەمانە گشتیان کۆمەکیان پێکردم، کە 2 کتێب لە بواری (فەلسەفە بۆ منداڵان)دا بنووسم.

کتێبی یەکەم (52 پرسیار) 52 پرسیاری فەلسەفی، لۆژیکی و کۆمەڵایەتی، بۆ منداڵان. ئەم کتێبە کتێبێکی ڕاهێنان و مەشقکردنە بۆ قۆناغی سەرەتایی (پۆلی 5 و 6). لە ساڵدا 52 هەفتە هەیە

و هەر هەفتەی پرسیارێک.

کتێبی دووەم (7 وانەی فەلسەفی) ئەمیان بۆ پۆلەکانی قۆناغی ناوەندی نووسراوە. ئەم کتێبە 7 (چیرۆک‌وبابەتی)فەلسەفی‌وکۆمەڵێ‌پرسیاردەربارەی هەر چیرۆک و وانەیەک و بەستنەوەی ئەو چیرۆکە بە تێڕوانین و بیروبۆچوونی چەند فەیلەسوفێکەوە. لەسەرەتای کتێبەکەدا شێوازی گووتنەوەی وانەکان و ڕێنمایی بۆ مامۆستا- فێرکار، بەدرێژی باسکراوە. هەردوو کتێبەکە، لەسەر ئەرکی ڕێکخراوی کۆمەک چاپکراون و بەسەر چەند خوێندنگەیەک لە کەرکوک، ڕانیە و کەندەکەوە، دابەشکراون، ئێستاش سەرقاڵی کتێبێکم (فەلسەفە بۆ منداڵان). لەم کتێبەدا بەدرێژی باسی شێوازی پیادەکردنی پرۆگرامی فەلسەفە بۆ منداڵان و ڕاوبۆچوونی چەند تایبەتکارێکی ئەم بوارە، بەتایبەتی داهێنەری ڕێبازەکە (ماتهێو لیپمەن) و ڕۆڵی مامۆستا کراوە. چەند تێکست و بابەتێکیش، کە وەک کەرەسە بۆ وانەی فەلسەفە بەکاربهێنرێت.

2. بابەتێکم بەناوی (فەلسەفە لە قوتابخانەدا) لە نەرویجییەوە وەرگێڕاوەو لە گۆڤاری ئاینده، ژمارە 59، شوباتی 2005دا بلاوکرایەوە. (ئەو بابەتە بەشێکە لە کتێبێک، کە بۆ خوێندکارانی ئامۆژگای مامۆستایان لە نەرویج نووسراوە). ماوەیەک دوای ئەوە، هەواڵێکم خوێندەوە، نووسرابوو (ڕێبوار سیوەیلی، لە سیمینارێکدا لە هەولێر، پێشنیاری بۆ وەزارەتی پەروەردە کردووە، کە پێویستە فەلسەفە لە خوێندنگەکاندابخوێنرێت).

ئەوەی مایەی پرسیارە، نە بابەتە وەرگێڕدراوەو نە سیمینار و پێشنیارەکە، سەرەڕای گرنگیی باس و ناوەڕۆکەکەیان، یەکەم جاریش بوو لە کوردستاندا دەلاقەیەک لەسەر ئەو باسە بکرێتەوە، کەچی نە بەدواداچوون، نە تێبینی، نە ڕەخنە و تەنانەت بە ڕەتکردنەوە و دژەوەستانیش، کەس بەلای ئەو بابەتەدا نەچوو. بەتایبەتی ئەو کەسانەی کە ڕەخنەی زۆر توندیان لە سیستەمی فێرکاری لە کوردستاندا هەیە.

3. هەر لەم دەرفەتەدا منیش پێشنیار بۆ وەزارەتی پەروەردە دەکەم، کە دەبێت وانەی فەلسەفە وەک بابەتێکی سەربەخۆ بخرێتە بەرنامە_ پێنسۆمی خوێندنەوە.

4. باسکردن لە کۆمەڵگەی مۆدێرن و دیموکرات،بەبێ پەروەردەکردنی مرۆڤی بڕوابەخۆبوو، مرۆڤێک کە ڕێزی جەستە (سنوری جەستە_ بۆدی زۆن) و بیرو بۆچوونی هەموو مرۆڤێکی دیکە بگرێت، مرۆڤێک، کە جیاوازیی بیروباوەڕ، شێوازی ژیان، دین و گشت جیاوازییەکانی دیکەی نێوان مرۆڤەکانی قبوڵبێت، تراویلکە و خەونێکە هەرگیز نایەتەدی. لە گوتارێکدا لە (گۆڤاری مەڵبەند) ژمارە، 97 ، چاپی لەندەن، ل 41 تا 53 بە ناونیشانی (ئاستەنگەکانی پەروەردە و فێرکردن لە باشووری کوردستاندا لە نێوان فەنتازیا و میتافیزقدا) بە درێژی باسی ئاستەنگەکان و ڕێگاچارەم کردووە.

5. مەبەست لە فەلسەفە، ڕێباز و پەیڕەوێکی تایبەت و فەیلەسوفێکی تایبەت نییە. مەبەست ئەوەیە کە منداڵان بە شێوازی بیرکردنەوەی فەلسەفیانە ڕابهێنرێن، تا بتوانن فرەڕەهەندی بیربکەنەوە. تا فێربن، کە تەنها تاکە وەڵام و تاکە ڕێگەچارەیەک بۆ چارەسەری کێشەکان نییە، بەڵکو گەلێ ڕێگەچارە و وەڵامی جۆراوجۆر هەن، بەڵام ئەوە لێهاتوویی و شارەزایی و توانای دەوێت تا بتوانین باشترین و ڕاستترینیان‌هەڵبژێرین.

تا فێربن، کە چیدی چاوەڕێی (گۆدۆ)ی قارەمان و فریادڕەس نەبن، تا بێت و بە توانا و هۆشی (سوپەرمانانەی) چارەسەری گشت کێشەکانیان بۆ بکات. خۆیان ئا ئێستا و لێرە کار بۆ ئەمڕۆ و داهاتوویان بکەن.

6. پرۆگرامی (فەلسەفە بۆ منداڵان) نەک هەر سیستەمی فێرکاری دەگۆڕێت، بەڵکو لە بناغەشەوە شێوازی‌بیرکردنەوەی‌منداڵ‌و‌لە داهاتوودا بیرکردنەوەی کۆمەڵگەش دەگۆڕیت.

وەک یەنس ڕاسموسن (دانیمارکی) دەڵێت: (وانەی فەلسەفە و دیالۆگی فەلسەفی، توانای بڕوا بەخۆبوونی منداڵ بەهێز دەکات و لەهەمانکاتیشدا، توانای ڕووکراوەیی زۆر دەبێت. ئەم ڕووکراوەییە مەرجێکی هەرەگرنگ و سەرەکیی کۆمەڵگەی مۆدێرن و سڤیل و دیموکراتە).